کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-2-2007 16:09 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# زەلاتان ئیبراهیموفیچ ناگەڕێتەوە ڕیزبەندی هەڵبژاردەی سوید ... ئەنوەر خەراجیانی




یاریزانی هێرشبەری هەڵبژاردەی سوید و یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی زەلاتان ئیبراهیموفیچ نا یەوێت جارێکی تر بگەڕێتەوە ڕیز بەندی هەڵبژاردەی سوید هەر چەندە ماوەیەك لەمەو پێش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە وانیدا پرسیارێکی ئاراستە کرا لە لایەن ڕۆژنامە نووسێکی سویدیەوە ئایە دەگەڕێیتەوە بۆ ڕیزبەندی هەڵبژاردەی سوید؟ لە وەڵام دا بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی باوەڕم هەیە بەڵام نازانم کەی یان چۆن، زەلاتان ئیبراهیمۆفیچ لە مانگی سەپتمبەری ساڵی 2006 دا لە ئۆردوگایەکی مەشقکردن بوون لە گەڵ هەڵبژاردەی سوید بۆ خۆ ئامادەکردنی پاڵاوتنەکانی جامی ئەورووپا زەلاتان و چەند هاوڕێیەکی شەو بەدزی ڕاهێنەرو دەستەی بەرێوە بردنی هەڵبژاردەکە ئۆردوگای مەشق کردن بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە یەکێك لە دیسکۆکانی ئەو جێگایە، دواى ئاشکرابوونیان ئیدارەی هەڵبژاردەی سوید زەلاتان و هاوڕێکانی دور دەخەنەوە لە ڕیز بەندی هەڵبژاردەی سوید، هاوڕێکانی زەلاتان زوو داوای لێبووردونیان کرد لە ڕاهێنەر و دەستەی بەرێوەبردن، زەلاتان دەڵێت نە داوای لێبووردن دەکەم نە پەشیمانیش دەبمەوە، ماوەیەکی زۆرە یاریزانزەلاتان ئاستی یاریکردنی زۆر بەرز بۆتەوە لە یانەی ئەنتەر ی ئیتاڵی ئەم ئاست بەرزیەی زەلاتان کاریکردە سەر ڕۆژنامەو میدیاکانی سوید بۆ گەرانەوەی زەلاتان، ڕاهێنەری سوید (لارس لاگرباگ) دەڵێت دەرگا کراوەیە لە ئاستی زەلاتان بۆ گەڕانەوەی هەڵبژاردەی ووڵاتەکەی، زەلاتان دەڵێت هیچ کاتێك بیرم نەکردۆتەوە جارێکی تر بگەڕێمەو ڕیزبەندی هەڵبژاردەی سوید،

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.